# باسێكی ڕوون و تەواو دەربارەی... لە نوێژدا وەڵامدانەوەی سڵاو

الكمال والتمام

في

رد المصلي السلام

وەرگێڕانی/ زریان سەرچناری

-----------------------------------------------------------

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لەپێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صالْح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر رێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده ، ونستعينه ، ونستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا ، ومن سيئات أعمالنا . من يهده الله فلا مضل له ، ومن يضلل فلا هادي له ، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، وأشهد أن محمدا عبده ورسوله. أما بعد :

فإن خير الحديث كلام الله ، وخير الهدي هدي محمد – صَلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَمَ – وشر الأمور محدثاتها ، وكل محدثة بدعة ، وكل بدعة ضلالة ، وكل ضلالة في النار.

**بەڕاستی سوننەتی پێغەمبەرمانﷺ ئەوەیە، کە لە نوێژدا وەڵامی سەلامی داوەتەوە، بە ئاماژەکردن – إشارة – نەك بە قسەو گوتە.**

**بەڵام لەبەر بێ ئاگایی زۆرێك لە خەڵك بەو سوننەتە، دەبینیت کاتێك لە نوێـژدابن و سـەلامیان لـێ بکرێـت، لـەبری ئـەوەی کـە – بـە ئیشـارەت – وەڵام بدەنەوەو ئەوسوننەتە جێ بەجێ بکەن و ئەو پاداشتە بەدەست بێنن بۆ خۆیان، کە لە نوێژەکە بونەوە، قسەی زۆر نـاخۆش بـەو کەسـە دەڵـێن کـە سـەلامی لـێ کردون، یان لە پاشەملە غەیبەتی دەکەن و ناشرین ترین سیفەتی دەدەنە پاڵ.**

**چونکە ئەوکەسانەو هاوشێوەکانیان ئەوە نازانن کە پێغەمبەرمانﷺ, لـە نوێژدابووەو ژمارەیەکی زۆر لە ئەسحابەکان سەلامیان لێ کردووە، ئەویش –** إِقْرار **– ی کردووە لە سەری ( واتە بڕیاری لەسەر داوە ) و بەڵکو وەڵامیشی داونەتەوە بەڵام بە دەم نا، بەڵکو بە ئیشارەت .**

جا ئەوکەسانە لەکوێ و سوننەتی پێغەمبەرمانﷺ لەکوێ ؟! بۆیە ئەم چەند دێڕەم نوسی بۆ ئەوەی ئەوانەی کە ئەم سوننەتە نازانن فێری ببن، وە دوای خۆیان خەڵکی تریش فێربکەن، چونکە ( مَنْ دَلَّ عَلى خَيرٍ، فَلَهُ مِثلُ أُجُورِ مَنْ تَبِعَهُ، مِنْ غَيرِ أَنْ يَنْقصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيئاً ) .

واتە:( هەرکەس خەڵك فێری کارێکی خێر بکات، ئەوا بەهەمان ئەندازەی پاداشتی ئەوان پاداشت وەردەگرێت، بەبێ ئەوەی لە پاداشتی ئەوانیش کەم ببێتەوە).

داواکارم لە خوای گەورە ئەوەی کە دەینوسم سودبەخش بێت، وە دڵسۆزیم پێ ببەخشێت لە گوفتارو کردارمدا، درودو سڵاو لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد وەکەسوکاری بە گشتی.

## ( بەڵگەی شەرعی بونی سەلام کردن لە نوێژخوێن لەکاتی نوێژدا )

عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عُمَرَ – رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا – قال دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ مَسْجِدَ بَنِي عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ "مَسْجِدَ قُبَاءَ" يُصَلِّي فِيهِ، فَدَخَلَتْ عَلَيْهِ رِجَالُ الْأَنْصَارِ يُسَلِّمُونَ عَلَيْهِ، وَدَخَلَ مَعَهُ صُهَيْبٌ، فَسَأَلْتُ صُهَيْبًا كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَصْنَعُ إِذَا سُلِّمَ عَلَيْهِ؟ قَالَ يُشِيرُ بِيَدِهِ. [1]

**واتە: لە ئیبنو عومەرەوە – ڕەزای خوایان لێ بێت – فەرمویەتی: پێغەمبەرﷺ، چووە مزگەوتی ( کوڕانی عەمروی کوڕی عەوف ) واتە مزگەوتی (قوباء)، لەوێ نوێژ بکات، ئیتر کۆمەڵێك لە پشتیوانان – أَنْصار – چونە ژورەوە بۆلای و سەلامیان لێکرد – لە کاتی نوێژ کردندا – وە (صوهەیب) یشیان لە گەڵدا بوو، دوایی لە (صوهەیب)م پرسی ئایا پێغەمبەرﷺ کە لەنوێژدا سەلامی لێکرا چۆن وەڵامی دایەوە ؟ (صوهەیب) فەرمویەتی بەدەست ئیشارەتی کرد.**

[1] أخرجه **أحمد** في المسند ٢/ ١٠ واللفظ له و**النسائي** ٣/ ٥ و**ابن ماجه** في سننه ١/ ١٨٣ رقم ( ١٠٠٣ ) و**ابن خزيمه** في صحيحه ٢/ ٤٩ رقم ( ٨٨٨ ) وصححه **الألباني** في صحيح سنن النسائي ١/ ٢٥٧ رقم (١١٣٦ ) وصحح إسناده محقق صحيح **ابن خزيمة**، محمد مصطفى الأعظمي ٢/ ٩ .

عَنِ ابْنِ عُمَرَ، عَنْ صُهَيْبٍ، قَالَ:"مَرَرْتُ بِرَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمْ، وَهُوَ يُصَلِّي، فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، فَرَدَّ عَلَيَّ إِشَارَةً" وقال وَلَا أَعْلَمُ إِلَّا أَنَّهُ قَالَ بِإِصْبَعِهِ. [1]

**واتە: لە ئیبنو عومەرەوە – ڕەزای خوا یان لێ بێت – دەیگێڕێتەوە لە (صوهەیب)ـەوە كە فەرمویەتی: بەلای پێغەمبەردا ﷺ تێپەڕیم لەنوێژدا بوو، منیش سەلامم لێكرد، ئەویش بەئیشارەت وەڵامی دامەوە، وە ( ئیبنو عومەر) فەرمویەتی: وابزانم ( صوهەیب ) فەرمویەتی بە پەنجەكانی دەستی ئیشارەتی كرد.**

عَنِ ابْنِ عُمَرَ– رضي الله عنهما – قَالَ قُلْتُ لِبِلَالٍ كَيْفَ كَانَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ يَرُدُّ عَلَيْهِمْ حِينَ كَانُوا يُسَلِّمُونَ عَلَيْهِ فِي الصَّلَاةِ؟ قَالَ كَانَ يُشِيرُ بِيَدِهِ.[2]

**واتە: لە ئیبنو عومەرەوە – ڕەزای خوایان لێ بێت – فەرمویەتی بە (بیلال)ـم گوت، پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن وەڵامی دەدانەوە كاتێك لە نوێژدابووایە و سەلامتان لێ بكردایە؟ ( بیلال) فەرمویەتی: بەدەست ئیشارەتی دەكرد.**

---

[1] أخرجه **أحمد** في المسند ١٠/٢ و**النسائي** في سننه ٥/٣ و**أبو داود** في سننه ٢٤٣/١ رقم (٩٢٥) و**الترمذي** في سننه – ومعه شرحه عارضة الأحوذي – ١٦٢/٢ وصححه ابن العربي في عارضة الأحوذي ١٦٢/٢ وصححه **الألباني** في صحيح أبي داود ١٧٤/١رقم ( ٨١٨ ).

[2] أخرجه **الترمذي** في سننه ١٦٢/٢ وصححه ابن العربي في عارضة الأحوذي ١٦٢/٢ وصححه **الألباني** في صحيح سنن **الترمذي** ١١٦/١ رقم ( ٣٠٢ ) .

عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ– رضي الله عنهما – أَنَّهُ سَلَّمَ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَهُوَ يُصَلِّي فَرَدَّ عَلَيْهِ . [١]

**واتە: وە لە(عەمماری کوڕی یاسر)ەوە – خوا لێیان ڕازی بێت – دەفـەرموێت: سەلامم کرد لە پێغەمبەرﷺ، کاتێ لە نوێژدابوو، ئەویش وەڵامی دامەوە.**

**ئیمامی شەوکانی(کۆچکردوی ساڵی ١٢٥٠ ک) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی:** وَالْأَحَادِيثُ المذكورة تَدُلُّ عَلَى أَنَّهُ لَا بَأْسَ أَنْ يُسَلِّمَ غَيْرُ الْمُصَلِّي عَلَى الْمُصَلِّي لِتَقْرِيرِهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – مَنْ سَلَّمَ عَلَيْهِ عَلَى ذَلِكَ.[٢] أهـ

**واتە: ئەم فەرمودانەی کە باسکران بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە ئاساییە بۆ کەسێك کە لەناو نوێژدا نییە، سڵاو بکات لەکەسێك کـە لـەناو نوێژدایـە، چـونکە پێغەمبەرﷺ ، خۆی ( إِقْرار)ی کردووە لە سەر ئەوکارە (واتە: دانی پیاداناوەو لێی قەدەغە نەکردوون کاتێك لەنوێژدا سەلامیان لێکردبێت). تەواو**

---

١ أخرجه **النسائي** في سننه ٦/٣ وصحح إسناده **الألباني** في صحيح سنن **النسائي** ١/ ١٥٧ رقم ( ١١٣٧).

٢ انظر نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار ٢/ ٣٧٧ .

## ( بەڵگەی شەرعی بونی وەڵام دانەوەی سەلام لەکاتی نوێژ کردن دا )

عَنْ جَابِرٍ– رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ– أَنَّهُ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – بَعَثَنِي لِحَاجَةٍ، ثُمَّ أَدْرَكْتُهُ هو يسير – قال قتيبه– وَهُوَ يُصَلِّي، فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ فَأَشَارَ إِلَيَّ. (١)

**واتە: لە( جابرﷺ )ـەوە فەرمویەتی پێغەمبەرﷺ، ناردمی بۆ كارێك، منیش كەمێكم پێ چوو، پاشان كە گەڕامەوە پێی گەیشتم –قوتەیبە فەرمووی(٢) نوێژی دەكرد– سەلامم لێكرد، ئەویش ئیشارەتی بۆ كردم.**

عَنْ نَافِعٍ– رحمه الله – أَنَّ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ عُمَرَ مَرَّ عَلَى رَجُلٍ وَهُوَ يُصَلِّي فَسَلَّمَ عَلَيْهِ فَرَدَّ الرَّجُلُ كَلَامًا فَرَجَعَ إِلَيْهِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ فَقَالَ لَهُ إِذَا سُلِّمَ عَلَى أَحَدِكُمْ وَهُوَ يُصَلِّي فَلَا يَتَكَلَّمْ وَلْيُشِرْ بِيَدِهِ. (٣)

**واتە: لە ( نافیع )ـەوە** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – **فەرمویەتی: عەبدوڵای كوڕی عومەر** – ڕەزای خوایان لێ بێت – **بەلای كابرایەكدا تێپەڕی نوێژی دەكرد، وە سەلامی لێ كرد، كابراش بە گوتە وەڵامی دایەوە، پاشان – كە لە نوێژەكە بوەوە**

---

١ أخرجة **مسلم** في صحيحه( ٧١/٢).

٢ یەكێكە لە گێڕەرەوەكانی ئەم فەرمودەیە.

٣ أخرجة **مالك** في الموطأ (ص١٢٢) و صحح اسناده **الألباني** في مشكاة المصابيح (٣١٩/١) رقم (١٠١٣).

– عەبدوڵای کوڕی عومەر گەڕایەوە بۆلای و پێی فەرمو: ئەگەر هەرکەس لە ئێوە لە ناو نوێژدابوو وە سەلامیان لێ کرد، با بەدەم وەڵام نەداتەوە، تەنها بەدەست ئیشارەت بکات .

ئیبنولقەییم (کۆچکردوی ساڵی ٧٥١ ک)– ڕەحمەتی خوای لێ بێت – لە باسی سوننەتەکانی پێغەمبەردا فەرمویەتی: وَكَانَ – يَعْنِي النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – يَرُدّ السّلَامَ بِالْإِشَارَةِ عَلَى مَنْ يُسَلّمُ عَلَيْهِ وَهُوَ فِي الصّلَاةِ . [1] أهـ

واتە: وە لەسوننەتی پێغەمبەرمانﷺ، ئەوە بووە کاتێ کە لەناو نوێژدا بوبێ وەسڵاویان لێ کردبێت بە ئیشارەت وەڵامی سەلامەکەی داوەتەوە. تەواو

وە ئیمامی نەوەوی (کۆچکردوی ساڵی ٦٧٦ ک)– ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی: يُسْتَحَبّ رَدُّ السَّلَام بِالْإِشَارَةِ – يَعْنِي فِي الصَّلَاةِ – [2]

واتە: ڕێ پێ دراوە ( مُسْتَحَبْ )ـە کە بە ئیشارەت وەڵامی سەلام بدرێتەوە لە ناو نوێژدا.

---

[1] انظر زَادُ الْمَعَادِ فِي هَدْيِ خَيْرِ الْعِبَادِ ١/٢٦٦

[2] انظر شرح النووي على مسلم ٥/٢٧

**وە ئیمامی صەنعانی(كۆچكردوی ساڵی ١١٨٢ كـ)** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – **فەرمویەتی:** وَالْقَوْلُ بِأَنَّهُ مَنْ سَلَّمَ عَلَى الْمُصَلِّي لَا يَسْتَحِقُّ جَوَابًا : يَعْنِي بِالْإِشَارَةِ وَلَا بِاللَّفْظِ، يَرُدُّهُ رَدُّهُ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَى الْأَنْصَارِ ، وَعَلَى " جَابِرٍ " بِالْإِشَارَةِ ، وَلَوْ كَانُوا لَا يَسْتَحِقُّونَ لَأَخْبَرَهُمْ بِذَلِكَ ، وَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِمْ . أهـ[1]

**واتە: ئەوەی كە دەڵێت نابێ وەڵامی سەلامی ئەو كەسە بدرێتەوە كەسەلام لەنوێژخوێن دەكات لەكاتی نوێژكردندا، نە بەگوتەو نە بەئیشارەت، ئەوا وەڵام دانەوەكانی پێغەمبەر ﷺ، بەرپەرچی ئەو گوتەیەی دەدەنەوە، چونكە پێغەمبەر ﷺ، خۆی وەڵامی ئەنصارەكانی داوەتەوە، وە وەڵامی ( جابر ﷺ )یشی داوەتەوە، كەواتە ئەگەر پێویست بوایە وەڵام نەدرێنەوە ئەوا وەڵامی نەدەدانەوەو پێشی ڕادەگەیاندن ( كە دروست نییە).**

**وە موبارەكفوری**(أبو العلا) **(كۆچكردوی ساڵی ١٣٥٣ كـ)** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – **دەربارەی وەڵام دانەوەی سەلام بە ئیشارەت لە نوێژدا فەرمویەتی:** هُوَ مَذْهَبُ الْجُمْهُورِ وَهُوَ الْحَقُّ.[2]

**واتە: بۆچونی زۆرینەی زانایان** – مَذْهَبُ الْجُمْهُور– **ئەوەیە كە ڕێپێدراوە، وە ئەم بۆچونەش ڕاست و ڕەوایە.**

---

[1] انظر سبل ا لسلام ١/٢٧٣

[2] انظر تُحْفَةُ الأَحْوَذِيّ بشرح جامع التِّرْمِذيّ .٢/٢٦٤

وە ئیبنولقاسم (كۆچكردوی ساڵی ١٣٩٢ كـ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی: قالَ أَحمد و غيرَ وَاحِدٍ: إِذا سُلِّمَ عَلَى الْمُصَلِّي ردَّ بِالْإِشَارَةِ. أهـ[1].

ئیمامی ئەحمەد و كەسانێكی جگە لەویش – لە زانایان – فەرموویانە: ئەگەر سڵاو كرا لەنوێژخوێن لەكاتی نوێژ كردندا، دەبێت بە ئیشارەت وەڵام بداتەوە, تەواو.

وە گوتراوە – قِيلَ – كە گوایە وەڵامدانەوەی سەلام لە نوێژدا بە ئیشارەت (نَسْخ ) بۆتەوە، واتە: حوكمەكەی نەماوە، ئەم گوتەیەش بەرپەرچ دراوەتەوە.

وەك ( ئیبنو حەجەر )ی (عەسقەلانی)(كۆچكردوی ساڵی ٨٥٢ كـ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت فەرمویەتی: لَو كَانَ كَذَلِك لرد بِاللَّفْظِ لوُجُوب الرَّد فَلَمَّا عدل عَن الْكَلَام دلّ عَلَى أَنه كَانَ بعد نسخ الْكَلَام. أهـ [2]

واتە: ئەگەر (ئەو حوكمە نەسخ ببوایەتەوە) ئەوا پێویست بو بەدەم هەر وەڵامی سەلام بدرایەتەوە لە ناو نوێژدا، لەبەر ئەوەی وەڵامدانەوەی سەلام واجبە،

---

[1] انظر حاشية الروض المربع ٩٥/٢

[2] انظر الدراية ١٨٣/١-١٨٤

جا چونکە بەدەم وەڵامی سەلام نادرێتەوە لە ناو نوێژدا، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە کەوەڵام دانەوە بە ئیشارەت نەسخ نەبۆتەوە و حوکمەکەی وەك خۆی ماوەتەوە.

تەواو

دەربارەی حوکمی وەڵام دانەوەی سەلام بە ئیشارەت لەناو نوێژدا، ئیمامی صەنعانی(کۆچکردوی ساڵی ۱۱۸۲ کـ)- رەحمەتی خوای لێ بێت- فەرمویەتی:

وَالظَّاهِرُ أَنَّهُ وَاجِبٌ ؛ لِأَنَّ الرَّدَّ بِالْقَوْلِ وَاجِبٌ ، وَقَدْ تَعَذَّرَ فِي الصَّلَاةِ، فَبَقِيَ الرَّدُّ بِأَيِّ مُمْكِنٍ، وَقَدْ أَمْكَنَ بِالْإِشَارَةِ ، وَجَعَلَهُ الشَّارِعُ رَدًّا ، وَسَمَّاهُ الصَّحَابَةُ رَدًّا ، وَدَخَلَ تَحْتَ قَوْله تَعَالَى ﴿أَوۡ رُدُّوهَآۗ﴾ (النساء ٨٦) . أهـ[1]

واتە: وا دەردەکەوێت کە واجب بێت، چونکە وەڵامدانەوەی سەلام بە دەم لە دەرەوەی نوێژدا واجبە، جا چونکە لێمان قەدەغە کراوە کە لە ناو نوێژدا قسەبکەین، ئەوا بە هەر شێوەیەك بێت دەبێت وەڵامی بدەینەوە، کەواتە بە ئیشارەت پێویستە هەر وەڵام بدەینەوە، وە وەڵامدانەوە بە ئیشارەت پێغەمبەرﷺ، کردویەتی بە وەڵامدانەوە بۆمان، وە ئەسحابەکانیش ناویان ناوە

[1] انظر سبل السلام ١/٢٧٣.

ئاگاداری: سەرجەم نمونەکان بەڵگەی ئەوەن کە وەڵامدانەوەی سەلام لە ناو نوێژدا فەرزی کیفایە یە.

وەڵامدانەوە، کەواتە ئەو فەرمایشتەی خوای گەورە دەیگرێتەوە کە فەرمویەتی:﴿

وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا بِأَحْسَنَ مِنْهَا أَوْ رُدُّوهَا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾﴾.

واتە: ( هەر کاتێك سەلامتان لێکرا ئەوا بە جوانترلەو وەڵامی سەلامەکە بدەنەوە یان -لایەنی کەم- وەك خۆی وەڵامی بدەنەوە، بەڕاستی خوای گەورە لەسەر هەمو شتێك لێپرسینەوەتان لەگەڵ دەکات ) تەواو.

## ( چۆنێتی وەڵام دانەوەی سەلام لە کاتی نوێژدا )

چۆنێتی وەڵام دانەوەی سەلام لە ناو نوێژدا بە ئیشارەت، ئەم سێ شێوازەی هەیە:

١-یان بەپەنجەی شایەتومان وەڵام دەدرێتەوە .

٢-یان بەدەستی ڕاست وەڵام دەدرێتەوە، کە لەپی دەستی بۆ خوارەوە بێت و سەردەستیشی بۆ سەرەوە.

٣-یاخود بەدانەواندنی سەر وەڵام دەدرێتەوە .

وە باشتر وایە کە هەر جارەو بە شێوازێك لەم شێوازانە وەڵام بدرێتەوە بۆ بەسەر مەشق کردن و شوێن پێ هەڵگرتنەوەی پێغەمبەرمان درودو سەلامی خوای لەسەر بێت.

**ئیمامی شەوکانی(کۆچکردوی ساڵی ١٢٥٠ کـ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت –**

**فەرمویەتی:** ورد كيفية الإشارة لرد السلام في الصلاة حديث ابن عمر عن صهيب قال ( لا أَعلَمُهُ إلّا أَنَهُ قالَ: أَشارَ بِأَصْبِعِهِ ) [١] وحديث بلال قال (كانَ يُشِيرُ بِيَدِهِ ) [٢]ولا اختلاف بينهما فيجوز أن يكون أشار مرة بأصبعه ومر بجميع يده ، ويحتمل أن يكون المراد باليد الأصبع حملا للمطلق على المقيد. [٣].

**واتە: چۆنێتی وەڵامدانەوەی سەلام لە ناو نوێژدا هاتووە, لەو فەرمودەیەی کە ئیبنو عومەر گێڕاوێتیەوە، لە (صوهەیبﷺ)ـەوە کە فەرمویەتی: (وابزانم فەرمویەتی بە پەنجەکانی دەستی ئیشارەتی کرد) وە لە فەرمودەکەی کە (بیلالﷺ) گێڕاوێتیەوە فەرمویەتی: (بە دەست ئیشارەتی دەکرد). ئەم دوو دەستەواژەیەش جیاوازیەکی وایان نییە، جا دەبێت وەڵامدانەوەکە هەندێك جار بە پەنجەی دەست بێت وە هەندێك جاریش بە دەست بێت، وە لەوانەیشە لەو فەرمودەیەدا دەست هەر بە واتەی پەنجەی دەست هاتبێت.**

---

[١] سبق تخريجة من حديث ابن عمر.

[٢] سبق تخريجة من حديث ابن عمر.

[٣] و يرد هذا الجمع حديث ابن عمر الآتي.

وە لەو فەرمودەیەشدا کە ئەبوداود گێڕاویێتیەوە: لە ئیبنـو عومەرەوەیـە دەفـەرموێت: (أَنَهُ سَأَلَ بِلالا كَيفَ رَأَيتَ رَسولُ اللهِ – صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ – يَرُدَ عَلَيهِمْ حينَ كانوا يُسَلِمونَ عَلَيهِ وَهوَ يُصَلي؟ فَقالَ يَقولُ هكذا، وَبَسَطَ كَفِهِ، وَبَسَطَ جَعْفَرُ بنُ عَون [1] كَفِهِ وَجَعَلَ بَطنَهُ أَسْفَلَ وَجَعَلَ ظَهْرَهُ إِلى فَوقِ. ) [2]

واتـە: لـە بیلالـی پرسـیوە: پێغەمبـەرتﷺ چـۆن بـینی وەڵامـی سـەلامی دەدانەوە لەناو نوێژدا ؟ (بیلالﷺ) فەرمویەتـی: بەم شێوە، وە دەستی درێژکرد وە جەعفـەری کـوڕی عـۆن – کـە یەکێکـە لـەگێڕەرەوەکانی ئـەم فەرمودەیـە – دەسـتی درێـژکرد و لـەپی دەسـتی ڕوکـردە خـوارەوەو سـەروی دەستیشـی بـۆ سەرەوە. ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە وەڵامدانەوەکەی پێغەمبـەرﷺ، بەدەسـت بووە.

وە لەو فەرمودەیەشدا کە لـە ئیبنـو مەسـعودەوەیە و ئیمـامی بەیهـەقی گێڕاویێتیەوە بە بێژی ( فَأَومَأَ بِرَأسِهِ.) [3].

---

[1] أحد رواة الحديث.

[2] أخرجه **أبو داود** في سننه ١/٢٤٣-٢٤٤ رقم (٩٢٧) و قال **الألباني** في صحيح سنن أبي داود حسن صحيح ١/١٧٤ رقم (٨٢٠).

[3] أخرجه **البيهقي** في سننه ٢/٢٦٠ و اسناده حسن. وقال حسين سليم أسد: إسناده جيد.

واتە: ( بەسەر ئاماژەی بۆكرد.) وە لەگێڕانەوەیەكی تری ئیمامی بەیهەقی دا هاتووە ( فَقَالَ بِرَأْسِهِ.)[1].

واتە: (سەری دانەواند) بۆ وەڵام دانەوەی سەلام لە ناونوێژدا.

ئابەم شێوە سەرجەم ڕیوایەتەكان لێك دەدرێنەوە، كە پێغەمبەرﷺ هەر جارەو بە شێوازێكیان وەڵامی سەلامی داوەتەوە لە ناو نوێژ دا، ئیتر هەموو شێوازەكان ڕێپێدراون. [2].

ئیمامی صەنعانی(كۆچكردوی ساڵی ١١٨٢ كـ)– ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی: يُجِيبُ الْمُصَلِّي بِالْإِشَارَةِ إمَّا بِرَأْسِهِ ، أَوْ بِيَدِهِ ، أَوْ بِأُصْبُعِهِ. أ هـ [3].

واتە: نوێژخوێن لە ناو نوێژەكەیدا وەڵامی سەلام دەداتەوە بە ئیشارەت، جا یان بە سەر، یان بە دەست، یاخود بە پەنجەی دەست.

---

[1] أخرجه **البيهقي** في سننه ٢/٢٦٠ وهو مرسل. . عون المعبود . شرح سنن أبي داود.

[2] انظر نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار ٢ /٣٧٨

[3] انظر سبل السلام ٢٧٣/١

## ( لە ناو نوێژدا بە دەم وەڵامی سەلام نادرێتەوە )

**لە ئیبنو مەسعودەوە** – ڕەزای خوای لێ بێت – **دەفەرموێت**: كُنَّا نُسَلِّمُ عَلَى النَّبِيِّ –صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ– فِي الصَّلاةِ فَيَرُدُّ عَلَيْنَا، فَلَمَّا رَجَعْنَا مِنْ عِنْدِ النَّجَاشِيِّ، سَلَّمْنَا عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْنَا، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ ، كُنَّا نُسَلِّمُ عَلَيْكَ فِي الصَّلاةِ ، فَتَرُدُّ عَلَيْنَا ، فَقَالَ : إِنَّ فِي الصَّلاةِ شُغْلا. [1]

**واتە:( جاران كە سەلامان دەكرد لە پێغەمبەرﷺ، كاتێك لە ناو نوێژدا بوایە، بە دەم وەڵامی سەلامەكەی دەدایەوە، پاشان كە لە(حەبەشە) لای (نەجاشی) گەڕاینەوە، سەلامان لێ كرد كەچی وەڵامی نەدایەوە، ئێمەش گوتمان ئەی پێغەمبەری خواﷺ، جاران سەلامان لێ دەكردیت كە لە ناو نوێژدا بویت وەڵامت دەدایەوە؟ ( كەچی ئێستا وەڵامان نادەیتەوە) ئەویش فەرمووی: ( بە ڕاستی لە نوێژدا سەرقاڵی هەیە).**

**ئیمامی شەوكانی(كۆچكردوی ساڵی ١٢٥٠ ك)** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – **فەرمویەتی:** ينبغي أن يحمل الرد المنفي ههنا – يعني في حديث ابن مسعود (فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْنَا) – على الرد بالكلام لا الرد بالإشارة ، لأن ابن مسعود نفسه قد روى عن

---

[1] أخرجه **مسلم** في صحيحه ٢/٧١

رسول الله – صلى الله عليه و سلم – أنه رد عليه بالإشارة ، ولو لم ترد عنه هذه الرواية لكان الواجب هو ذلك ، جمعا بين الأحاديث. أهـ[1]

**واتە: لەوانەیە ئیبنو مەسعود كە دەفەرموێت: (فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْنَا) واتە: وەڵامی نەداینەوە، مەبەستی وەڵام نەدانەوە بێت بە دەم نەك بە ئیشارەت، چونكە هەر ئیبنومەسعود خۆی فەرمودەی تری بۆ گێڕاوینەتەوە كە پێغەمبەر ﷺ، بە ئیشارەت لە ناو نوێژدا وەڵامی سەلامەكەی داوەتەوە. تەواو.**

**لە ئیبنو مەسعودەوە – خوا لێی ڕازی بێت – دەفەرموێت:** كُنَّا نُسَلِّمُ فِي الصَّلاَةِ وَنَأْمُرُ بِحَاجَتِنَا، فَقَدِمْتُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– وَهُوَ يُصَلِّي فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ، فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيَّ السَّلاَمَ، فَأَخَذَنِي مَا قَدُمَ وَمَا حَدُثَ، فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللَّهِ –صلى الله عليه وسلم– الصَّلاَةَ قَالَ: ( إِنَّ اللَّهَ يُحْدِثُ مِنْ أَمْرِهِ مَا يَشَاءُ ، وَإِنَّ اللَّهَ قَدْ أَحْدَثَ أَنْ لاَ تَكَلَّمُوا فِي الصَّلاَةِ ). فَرَدَّ عَلَيَّ السَّلاَمَ. [2]

**واتە: جاران لە ناونوێژدا سەلاممان لێ دەكرا، وە ئەگەر پێویستیەكیش هەبوایە لە ناو نوێژەكەدا پێمان دەگوترا، كە گەڕامەوە بۆ لای پێغەمبەرﷺ، ئەو لەناو نوێژدا بوو، منیش سەلامم لێ كرد، كەچی وەڵامی نەدامەوە، منیش گوتم ئەبێ چی هاتبێت و چی ڕوی دابێت؟!**

---

[1] انظر نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار ٣٧٧/٢

[2] أخرجه **أبو داود** في سننه ٢٤٣/١ رقم (٩٢٤) و قال **الألباني** في صحيح سنن أبي داود حسن صحيح ١٧٤/١ رقم (٨١٧).

پاشان کە پێغەمبەرﷺ لە نوێژەکەی بۆوە فەرموی: ( خوای گەورە هەرچی بوێت لە دینەکەیدا دایدەهێنێت، بۆیە خوای گەورە ئەوەی داهێناوە لە دینەکەیدا کە کاتێك لە ناو نوێژدا بوون هیچ قسەیەك نەکەن.) پاشان وەڵامی سەلامەکەی دامەوە.

موبارەکفوری (أبو الحسن)(کۆچکردوی ساڵی ١٤١٤ کـ) – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – دەفەرموێت: في الحديث دليل على أنه لا يجوز لمن سلم عليه في الصلاة أن يرد السلام فيها نطقاً و قولاً. و على أنه يستحب له أن يرد باللفظ بعد الفراغ من الصلاة. و لا دليل فيه على منع الرد في الصلاة بالإشارة، بل مرسل ابن سيرين عند ابن أبي شيبة يدل صريحاً على أنه صلى الله عليه و سلم رد السلام على ابن مسعود في هذه القصة بالإشارة. أهـ[1]

واتە: لەم فەرمودەیەدا بەڵگەی ئەوە هەیە کە هەرکەسێك لە ناو نوێژدا سەلامی لێ کرا، ئەوا نابێت بە دەم وەڵام بداتەوە، وە بەڵگەی ئەوەشی تێدایە کە ( موستەحەب)ـە دوای تەواو کردنی نوێژەکەی بە دەمیش وەڵامی سەلامەکە بداتەوە. وە ئەم فەرمودەیە نابێتە بەڵگە بۆ وەڵام نەدانەوەی سەلام بە ئیشارەتیش، بەڵکو فەرمودەیەکی ( مورسەلی ئیبن وسیرین )ـمان هەیە کە (ئیبنو ئەبی شەیبە"کۆچکردوی ساڵی ٢٣٥ کـ") گێراوێتیەوە، بە ڕونی بەڵگەیە لە سەر

---

[1] انظر مرعاة المفاتيح ٣/٣٥٩

ئەوەی کە لەم ڕوداوەدا پێغەمبەرﷺ، بە ئیشارەت وەڵامی ئیبنو مەسعودی داوەتەوە. تەواو. واتە تەنها بە گوتە وەڵامی نەداوەتەوە.

وە ( ئەبو هورەیرە‌رضي الله عنه) لە پێغەمبەرەوەﷺ گێڕاوێتیەوە کە فەرمویەتی:( لاَ غِرَارَ فِي صَلاَةٍ وَلاَ تَسْلِيمٍ ) [1]. واتە:( کەموکووڕی لە نوێژو لەسەلامدا نیە ).

ئیمامی (ئەحمەد)ی کوڕی(حەنبەل) (کۆچکردوی ساڵی ٢٤١ کـ) _ڕەحمەتی خوای لێ بێت_ دەربارەی شەرحی ئەم فەرمودەیە فەرمویەتی: فِيمَا أُرَى أَنَّهُ أَرَادَ أَنْ لاَ تُسَلِّمَ وَيُسَلَّمَ عَلَيْكَ، وَتَغْرِيرُ الرَّجُلِ بِصَلاَتِهِ أَنْ يُسَلِّمَ وَهُوَ فِيهَا شَاكٌّ.

– وای دەبینم – واتە نەسەلام لەکەس دەکرێت لەناو نوێژدا وە نەوەڵامی سەلام دەدرێتەوە، وە نەنوێژ بە کەموکورتی دەکرێت بەشێوەیەك کاتێ کە تەواو بوو گومانی لە نوێژەکەی هەبێت..

ئیبنو ئەثیر – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرمویەتی: الغِرَارُ : النُّقصان . وغِرَار النَّوم : قِلَّتُه . ويُريد بغِرَار الصَّلاة نُقْصانَ هَيْآتها وأركانِها . وغرَارُ التَّسليم : أن يقول المُجِيبُ : وعَلَيْك ولا يقول : السَّلام . وقيل : أراد بالغرار النَّوْم : أي ليْسَ في الصلاة نوم .[والتسليم] يُرْوَى بالنَّصْب والجرِّ فَمَنْ جَرَّه كان معطُوفا على الصلاة كما تقدم

---

[1] أخرجه **أحمد** في المسند ٢/٤٦١ و **أبو داود** في سننه ١/٢٤٤ رقم (٩٢٨) و **الحاكم** في المستدرك و صححه و و افقه الذهبي ١/٢٦٤ و صححه **الألباني** في السلسلة الصحيحه ١/٥٦٧-٥٦٨ رقم (٣١٨)

ومن نصب كان معطوفا على الغِرَار ويكون المعنى : لا نَقْصَ ولا تَسْليمَ في صلاة لأن الكلام في الصلاة بَغْير كلامها لا يجوز أ هـ [1]

واتە: (الغِرَارُ) کەموکوڕییە (غِرَار) لە نوستندا واتە کەم خەوی، وە (غِرَار) لە نوێژدا واتە کەموکووڕی لە هەیئەت و ئەرکانەکانیدا. وە(غِرَار) کەموکوڕی لە سەلامدا واتە: کاتێ کە وەڵامی سەلام بدرێتەوە تەنها بگوترێت:( وَعَلَيكَ ) نەگوترێت: ( وَعَلَيكُمَ السَّلام ). وە گوتراویشە (غِرَار) بە واتای نوستن هاتووە واتە لەناو نوێژدا نوستن نییە.

وە لەو فەرمودەیەدا وشەی ( التسليم ) بە دوو جۆر دەخوێنرێتەوە، بە (نەصب) واتە(فەتحە دار ) وە بە(جەر) واتە( کەسرە دار) کەواتە ئەگەر مەجرور بێت ئەوا دەدرێتە پاڵ ( الصلاةِ ) وەك لە پێشەوە باسکرا.

وە ئەگەر بە (مەنصوب) ی بخوێنرێتەوە ئەوا دەدرێتەپاڵ (الغرارَ ) ئەوا ماناکەی بەم شێوەیەی لێ دێت: ( لە ناونوێژدا نە کەموکووڕی هەیە وە نەسەلام کردن هەیە) چونکە هیچ قسەیەك لە ناونوێژدا دروست نییە جگە لە زیکرە تایبەتیەکانی خۆی.

---

[1] انظر النهاية في غريب الحديث ٣/٣٥٦-٣٥٧

**ئیمامی شـەوکانی (کۆچکردوی ساڵی ۱۲۵۰ کـ)** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت –

**فەرمویەتی:** إنه لا يدل على المطلوب من عدم جواز رد السلام بالإشارة ، لأنه ظاهر في التسليم على المصلي لا في الرد منه. ولو سلم شموله للإشارة لكان غايته المنع من التسليم على المصلي باللفظ والإشارة، وليس فيه تعرض للرد، ولو سلم شموله للرد لكان الواجب حمل ذلك على الرد باللفظ جمعا بين الأحاديث. [١]

**واتە: ئەم فەرمودەیە ناکرێت بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە دروست نەبێت وەڵامی سەلام بدرێتەوە بە ئیشارەت لە ناو نوێژدا، چونکە دیارە باسی سەلام کردن دەکات لـە نوێـژخوێن. جا ئەگەر واتەکەی سەلام کردن بە ئیشارەت بگرێتەوە ئەوا ئەوە دەگەیەنێت کە سەلامکردن لە نوێـژخوێن ڕێ پێـدراونی یـە، نەبەدەم وە نەبەئیشارەت، بەڵام ئەگەر مەبەستی لە نەبونی وەڵامدانەوەی سەلام بێت ئەوا تەنها وەڵام دانەوەی سەلام لـە نـاو نوێـژدا بـە دەم قەدەغـە دەکات، ئەمەش کۆکردنەوەی واتەی سەرجەم ئەو فەرمودانەیە کە لەم بارەیەوە هاتون.**

**وە ئیمامی ئـەلبانی(کۆچکردوی ساڵی ۱٤۲۰ کـ)** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت –

**فەرمویەتی:** ومن الواضح أن تفسير الإمام أحمد المتقدم، إما هو على رواية النصب، فإذا صحت هذه الرواية فلا ينبغي تفسير (غِرَارَ التَّسْلِيمِ) بحيث يشمل تسليم غير المصلي على المصلي كما هو ظاهر كلام الإمام أحمد، وإنما يقتصر فيه على تسليم

---

[١] انظر نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار ٢/٣٧٨

المصلي على من سلم عليه ، فإنهم قد كانوا في أول الأمر يردون السلام في الصلاة ثم نهاهم رسول الله – صلى الله عليه وسلم – وعليه يكون هذا الحديث من الأدلة على ذلك . وأما حمله على تسليم غير المصلي على المصلي فليس بصواب ، لثبوت تسليم الصحابة على النبي – صلى الله عليه وسلم – في غير ما حديث واحد ، دون إنكار منه عليهم ، بل أيدهم على ذلك ، بأن رد السلام عليهم بالإشارة .

ثم ذكر حديث ابن عمر – رضي الله عنهما – في رد النبي – صلى الله عليه وسلم – إشارة في الصلاة ثم قال وقد احتج به الإمام أحمد نفسه، وذهب إلى العمل به ، فقال إسحاق ابن منصور المروزي في المسائل ص٢٢ قلت تسلم على القوم وهم في الصلاة ؟ قال نعم فذكر قصة بلال حين سأله ابن عمر كيف كان يرد ؟ قال كان يشير قال المروزي قال إسحاق كما قال. أهـ [١]

**واتە: ئەوەش ڕونە دەربارەی لێکدانەوەکەی پێشەوەی ئیمامی ئەحمەد، یان دەبێ ( التسليم ) بە( مەنصوب ) ی بخوێنرێتەوە، کەواتە ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە صەحیح بێت نابێت بە (غِرَارَ التَّسْلِيمِ) لێکبدرێتەوە، چونکە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت کەسێك کە لەناو نوێژدا نیە, سەلام بکات لەوکەسەی کە لەناو نوێژدایە، وەکو لە قسەکەی ئیمامی ئەحمەد وا دەردەکەوێت، دەبێت والێك بدرێتەوە کە نابێت لە ناو نوێژدا وەڵامی سەلام بدرێتەوە بەدەم، چونکە لە**

---

[١] انظر السلسلة الصحيحه ١/٥٦٨-٥٦٩

سەرەتای ئیسلامدا وەڵامی سەلامیان بەدەم دەدایەوە لە ناو نوێژدا ئەگەر سەلامیان لێ بکرایە، پاشان پێغەمبەرﷺ لێی قەدەغە کردن وەڵام بدەنەوە، کەواتە ئەم فەرمودەیەش دەبێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی نابێت بەدەم وەڵام بدرێتەوە.

بەڵام ئەگەر وا لێك بدرێتەوە کە نابێت سەلام لە نوێژ خوێن بکرێت لە ناو نوێژدا، ئەوە ڕاست نیە. چونکە لە پێغەمبەرەوەﷺ بۆمان گێڕدراوەتەوە بە صەحیحی لە چەندین فەرمودەدا، کاتێك صەحابەکان سەلامیان لێ کردووە لە ناو نوێژدا، ئەویش ئینکاری لێ نەکردون بەڵکو پشتگیریشی لێ کردون لەوکارەدا، بەوەی کە بەئیشارەت وەڵامی داونەتەوە.

دواتر باسی ئەوفەرمودەیە دەکات کە ئیبنو عومەر – خوا لێیان ڕازی بێت – گێڕاویەتەوە، کە پێغەمبەرﷺ، وەڵامی سەلامی داوەتەوە لەناو نوێژدا بەئیشارەت، پاشان ( ئیمامی ئەلبانی ) فەرمویەتی: ئیمامی ئەحمەد خۆشی ئەم فەرمودەیەی کردووە بەبەڵگە، وە بۆچونیشی وا بووە کەکاری پێ دەکرێت.

چونکە ( ئیسحاقی کوڕی مەنصوری مەروەزی ) لە کتێبی (مەسائیل)دا لاپەڕەی ٢٢ دەفەرموێت لە ئیمامی ( ئەحمەد )م پرسی, ئایا دەبێت سەلام بکرێت لە خەڵك کە لە ناو نوێژدابن؟

**ئەویش فەرمویـەتی: بـەڵێ دەبێـت، پاشـان بەسـەرهاتەکەی ( بیلال)ــی باسکرد کە ئیبنوعومەر لێی پرسی پێغەمبەرﷺ چۆن وەڵامی سەلامی دەدایەوە لە ناو نوێژدا؟**

**( بیلال )یش فەرمویەتی بە ئیشارەت، مەروەزی فەرمویەتی ئیسـحاقیش هەمان شتی فەرمووە.**

## ئاگاداریەك

**فەرمودەی (مَنْ أَشَارَ فِي الصَّلَاةِ إِشَارَةً تُفْهَمُ. أَوْ تُفْقَهُ، فَقَدْ قَطَعَ الصَّلَاةَ)[1]**

**واتە ( هەرکەس لە ناو نوێژدا ئیشـارەتێك بکـات بـۆ تێگەیانـدن و حـاڵی کردنی بەرامبەرەکەی، ئەوا نوێژەکەی بەتاڵە) فەرمودەیەکی لاوازە (ضعیف)ـە.**

**ئیمامی شەوکانی(کۆچکردوی ساڵی ١٢٥٠ کـ )** – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – **فەرمویەتی:**
وعلى فرض صحته ينبغي أن تحمل الإشارة المذكورة في الحديث على الإشارة لغير رد السلام ، والحاجة ، جمعا بين الأدلة. أ هـ[2]

---

[1] قال الحافظ قال **أحمد** لا يثبت. انظر الدراية ١/١٨٣ و قال **ابن القيم** حديث باطل. انظر زاد المعاد ١/٢٦٧ و قال **الصنعاني** هو حديث باطل. انظر سبل السلام ١/٢٧٤ و ضعفه **المباركفوري** في تحفه الأحوذي ٢/٣٦٤ و **المباركفوري** في مرعاة المفاتيح ٣/٣٦

[2] انظر نيل الأوطار شرح منتقى الأخبار ٢/٣٧٨

واتە: گریمان ئەم فەرمودەیە (صەحیح)یش بێت، مەبەست لەو ئیشارەتە، وەڵامدانەوەی سەلام و حاڵەتی پێویستی ناگرێتەوە، بەم شێوەیەش بەڵگەكان كۆدەكرێنەوەو لێكدەدرێنەوە.

لە كۆتایدا سوپاس بۆ خوای گەورەو درودو سڵاو لەسەر پێغەمبەرمان موحەممەد.

ئەم نوسراوەش (الكَمالُ والتَّمامُ في ردِ المُصَلي السَّلامُ ) ( أبو محمد إسماعيل بن مرشود بن إبراهيم الرميح ) نوسیویێتی، خوای گەورە لە خۆی و دایك و باوك و هەركەس مافی وا بەسەریەوەو لە موسوڵمانی پیاوو ژن خۆش بێت، وە درودو سڵاو لە سەر موحەممەدو كەسوكاری تا ڕۆژی دوایی.

صلى الله عليه وسلم